

# دایه

تا شیعرێکم کۆتایدێت

تا ناوکی شیعرێکم دەبڕم

لە شەوێکدا ،

چەندین وێنەی چاوی ماندووت

دەستو پەنجەی قڵیشاوت

دێنە خەونم ،

بۆچی دایە ؟

لە بونی حەوت منداڵدا ژان دەیگرتیی و

کەچی ڕۆژێك

نەباسی ژانت بۆ کردم ؟

نەفێری هونەری ژانت کردم ؟!

تا بتوانم بەرگە بگرم

ئەوکاتانەی ژان دەمگرێ و

شیعرێکی نوێ لەدایك دەبێت !

بەڵام دایە ،

لێم ببورە کە پێم وایە

ژانی هەر شەش کۆرپەکەی تۆ

بە خۆیشمەوە

هێندەی لەدایك بونی شیعرێك

کەبۆ دوری تۆ دەینوسم ، ئێشی نایا !.

باکۆ جەلال

8/6/2009 تورکیا

bako.jalal@yahoo.com

ئەم شیعرە پیشکەشە بە دایکی ئەزیزم.



**ئازارێك لە تەنهایم**

**ئەم دڵەی من ماشێنێکە زیاد لە توانای**

**سەرنشینی هەڵگرتوە**

**جگە لە قورسایی خۆیان**

**هەر یەکەشیان هێندەیان خەم لەنێو دڵیاندا بارکردوە**

**لەژێر قورسایی خەمیاندا واجەمەدێت ،**

**هەر خەمێکیان سەد هێندەی قورسایی خۆی**

**ئاوی مەراقی هەڵمژیوە**

**بۆ ئەو ڕۆژانەی تێپەڕین ، ئەو شەوانەی دڵدارێکیان تیانەدیوە**

**من ناتوانم سەرگوزەشتەی ئەم دڵانە**

**نە بۆ ئێوە و**

نەهی ئەمیان بۆ ئەویدی بکێرمەوە

نازانم چۆن پێیان بڵێم !

نازانم چۆن دەریبڕم !

کە شۆفێری ماشێنی دڵم عقڵێکی زۆر خۆویستوە

ئەوە بەرژەوەندی ژینە ، ئێستا من نیم لێی دەخوڕم

من دەمەوێت کە ئەم دڵەم

بۆ شوێنەواری جارانی خۆی بگێرمەوە

نەك ئێوەش لەگەڵ خۆم بەرم

*چاك دەزانم جامی خەمتان لێوان لێوە*

*تەنیایی چۆن قورسە بۆمن ، هەرواش تاڵەبێت بۆ ئێوە ،*

*زۆر دەترسم دڵگیرتانکەم*

*خوانەخواستە شۆفێری ماشێنی دڵم*

*بەگوێم نەکاو ڕوگیرتانبم*

*هیوام وابوو ، کەبتوانم*

*پێچەوانەی ژیانی ئێستامببینم*

*گەرهیچ نەبێت*

*لەنێو ماشێنی دڵمدا*

*ژیانتان بۆ بخوڵقێنم*

*بەڵام ئێستا ، بەرژەوەندی و بێ ئومێدی*

*سەراپای ڕێگای تەنیوە*

*نازانم چۆن پێتان بڵێم ، نازانم چۆن دەریبڕم !*

*نەبۆم دەکرێت لەبیرتانکەم !.*

*نە دەشتوانم داتان گرم !.*

*ئەی هەمیشە خۆشەویستوو ، ئەی هاوڕێکانی سەفەرم .*

***باكۆ جەلال***

***22/12/2009 توركيا***

***bako.jalal@yahoo.com***

ئەی ناسكە مێ

هەر ئەوەندەی ئەسپی مەراقم بگاتە جێ و داسراكێ

لەپڕ ڕۆژێك دەگەڕێمەوە

چۆن لە ناكاو بەجێم هێشتییت ، هەرواش لە ناكاو دێمەوە

ئەی شەكرە ژن .. ئەی ناسكە مێ

كە هاتمەوە ، هەروەك ئێستام شیعر بۆ باڵات دەنوسم

هەمو سات و هەموو كات و هەموو دەمێ

من شیعرێكی لێو تەڕ ، لێو ئاڵ ، لە چەشنیی خۆت دەدەم بە تۆ و

تۆیش ماچێكیی لێوتم بەرێ

چۆن خۆشمەوێیت ، خۆشت بوێم

لە بیرتا بم وەك لە بیرمایت

هەموو سات و

هەموو كات و

هەموو دەمێ

ئەی شەكرە ژن .. ئەی ناسكە مێ

بیرت نەچێت ، كە من شیعرێكم بەتۆ دا ، تۆیش ماچێكی لێوتم بەرێ .

باكۆ جەلال

20/ 5/2009 توركيا




بەنیگەرانیت  نیگەرانم

دوودڵ مەبە هەردێمەوە

کەمن سەرە دەزووی عومرم بەسترابێت بە پرچتەوە ؟

با هەرچەنە ڕێیی خەیاڵم پرحەسرەتو و

کڵافەی فرسەتم بەرەو خوار گلۆر بێتەوە

لە وەرزی تەشیی ڕێسانا من دێمەوە ،

ئەی تاقانەم ، هەناسەکەم

هەرکات کە زۆر بیرتکردم

تابزانیت زیاتر لەتۆ بیرت دەکەم

لە خەوێکدا ، لە شەوێکدا ،

فرسەت بێنەو

وەرە قوڵایی ناخمەوە

**تەشیی نازت بخە لەنجە**

**خەیاڵاتوو بیری گرژم هێمن کەوە**

**شیبکەوە بە سەریی پەنجە**

**لە نێوان ، لەپی دەستوو نەرمیی ڕانتا**

**وەك تەشێکەت سەمام پێبکەو ڕامبژێنە**

**دەزووی تاسەم**

**لە کوێدا پچڕا گرێیبە**

**لە کوێ ئاڵۆسکا بیکەوە**

**تا بزانیت هەتا دووربم پتر زۆرتر خۆشمەوێیت**

**زیاتر پەیوەستم پێتەوە ،**

**چۆن بۆمدەکرێت کەبێتۆبم**

**کەمن سەرەدەزووی عومرم**

**ئاڵۆسکابێت بە پرچتەوە؟!.**

*باکۆ جەلال*

*تورکیا 18/ 8 / 2009*

*bako.jalal@yahoo.com*


www.bakrajo.com